وەزیری تەندروستی عێراق زانیاری نوێ لەبارەی بیمەی تەندروستیەوە ئاشکرا دەکات

وەزیری تەندروستی عێراق دەستپێکردنی خزمەتگوزاریی بیمەی تەندروستی لەو ڕۆژی یەکشەممەی داهاتو (5ی 11ی 2023) ڕاگەیاند، دەشێت، لەو قۆناغی یەکەمدا چەند هەندێك دامەزراوەو دەگرێتەوەو و هەوڵدەدرێت پێسەکەو سەرجەم هاوڵاتیان بگرێتەوە. حەسناوی لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە بینای ئەنجومەنی نوێنەران بۆ بەشداری لیژنەی تەندروستی و ژینگەی پەرلەمان، ڕایگەیاند، یەکشەممەی داهاتو وەزارەتەکەی خزمەتگوزاریی یاسای بیمەی تەندروستی دەستپێدەکات، یاساکەو هەمو ئاسانکاریێك بۆ فەرمانبەران و هاوڵاتیان دەکات لەووی خزمەتگوزاری تەندروستییەوە.

ئاماژەی بۆشکرد، بیمەی تەندروستی فەرمانبەرانی وەزارەتکانی کارەبا، پەروەردەو پێیوەندییەکان دەگرێتەوە، جگە لە دەستەی مافی مرۆڤ هەروەها ئەنجومەنی خزمەتگوزاری و نوسینگەی سەرکی حکومەت و ئەمینداریەتی گشتی.

وەزیری تەندروستی عێراق باسی لەوەشکرد، خزمەتگوزارییە پاڕێشتیکراوەکان زیاتر پێشکێشی ئەو فەرمانبەرانەو دەکرێت کە دەیانگرێتەوە لەگەڵ خێزانەکانیان و 100 هەزار کەسیش کە چاودێری کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە، خزمەتکوزاری نیمچەخۆڕایی پێشکێش دەکرێت.

ئەوەشی خستەوە، ئەو فەرمانبەرانی بیمەی تەندروستی دەیانگرێتەوە ماناگانە بەژەی 1%ی موچەکانیان دەبڕدرێت.